

ئیمڕۆ9/7 ئامادەکردن: سەلام عەبدوڵا

**ئیمڕۆ نزیکەی 2000کەس ڕێپێوانیان کرد بۆ بەردەم قائیمقامییەی قەزای کەلار و دوای چارەسەرکردنی کێشەی کارەبایان کرد. پاش ئەوەی لە بەردەم قائیمقامییەکە راوەستان و درووشمی خۆیان بەرزکردەوەو کۆمەڵێ کەنج لە پێشەوە کردیان بە پاڵنان و بە هیچ شێوەیەك ئارامیان نەدەگرت. لە پاشاندا کەوتنە سوتاندنی تایەر لە سەر جادەکە و بەردهەڵدان لە پۆلیسەکان. بارودۆخەکە بەرەو گرژێتی پەرەی سەند و پۆلیسەکان کەوتنە تەقە کردن و ئێستا 3کەس بریندار بوون. بە داخەوە، تا نووسینی ئەم دێڕانە هێشتا تەقەکردن لە خەڵك بەردەوامە. ئێمە داواتان لێ دەکەین بە زووترین کات پەیوەندی بە دەزگا بەرپرسەکان بکەن بۆ ئەوەی تەقەکردنەکە رابگرن((ئێستا هەواڵی کوشتنی خۆپیشاندەرێك و کەسێکی تریش بریندار کرا)**



## بەسیەتی کارەبابڕین!

به ڕێگای قائیمقام و پارێزەر و بەڕێوبەرانی ناحییەکانەوە

بۆ/

- حکومەتی هەرێمی کوردستان
- پەرلەمانی کوردستان
- حیزب و لایەنە پەیوەندیدارەکان

بەڕێزان: لەوەڵاتانی ئۆروپا، هەزاران دێهات و شارۆچکە کە بە(سەددان کیلومەتر لە دەریاوە دوورن بۆ نموونە دێی دیمادن، دێهاتەکانی نزیك فرۆکەخانە)بە پڕۆژەی(وزەی با)، کارەبایان پێدەگات و کێشەیەك ناناسن بەناوی(کارەبابڕین)! ئێمە لە هیچ ئاستێکدا، هیچمان لەوان کەمتر نییەو ئەم پڕۆژەیە هیچ تایبەتمەندییەکی نییە تا بگوترێ(ئەمە بۆ کوردستان ناگونجێ)

ئێمە داواتان لێ دەکەین توانای ماددی و مەعنەوی خۆتان بەگر بخەن بۆ جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە لە کوردستان و لەم بارەیە، لەراگەیاندنە رەسمییەکاندا، هەڵویستی خۆن رابگەیەنن

لەگەل رێزو حورمەتماندا

ناو:

پیشە:

شوێنی نیشتەجێبوون: 3.9.2000